## مەهاباد قەرەداغی



# پرۆژەی چاندن و گەشەپێدانی کلتووری ئاشتی



((هەر شتێک بە توندوتیژی بەدەست بهێندرێت، تەنها بە توندوتیژی دەپارێزرێت.))
مەهاتما گاندی

**پێشەکی:**
ئاشتی کاتێ دەبێتە تەوەرێکی هەنوکەیی بۆ باسکردن، کە توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە، شەڕ بەهەموو شێوەکانیەوە، یان دەرهاویشتە و ئاکامەکانی کە دۆخی نائاسایی دەخولقێنن، لە ئارادابن.

شەڕ و توندوتیژی، تیرۆری ڕۆحی و جەستەیی ڕووداوی کتوپڕ نین، ئاکامی زنجیرەیەک کردەی زەبرئامێزن، بە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا تێپەڕیوون و زەمینەیەکیان بۆ ساز بووە تا هێدی هێدی پەرەیان گرتووەو گەیشتوونەتە دۆخی تەقینەوە و ڕووداو.

ئەگەر لە سەرچاوەیەک بگەڕێین بۆ شەڕ، زەبروزەنگ، تیرۆر و هەموو ئەو دۆخانەش کە لەم ئاستانەدا کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر ژیانی ڕۆحیی مرۆڤ دادەنێن، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە "ڕق" چاڤکانییەکی سەرەکییە بۆ پەرەپێدانی پراکتیکی ئەو دەستەواژانەی کە لە ئاکاردا دەبن بە کارەسات، چونکە دەرهاویشتەی ئەو ڕقە "تۆڵە" و "تاوان"ی لێ دەکەوێتەوە.

ڕق سیفەتێکی خۆڕسکانەی نییە و مرۆڤ بە ڕقەوە لەدایک نابێت؛ هەروەک چۆن خۆشەویستیش سیفەتێکی خۆڕسکانەی نییە، بەڵکە زەمینەی دەروونی بۆ هەردوو دۆخەکە چێ دەکرێت و، تۆوی هەردووکیان لە مرۆڤدا دەچێندرێن و قۆناغ بە قۆناغ گەشەیان پێ دەدرێ.

خۆشەویستی و ڕق مرۆڤکردن نەک خۆڕسک، بۆیە بەرپاکردنی شەڕ و هێنانەکایەوەی ئاشتیش هەر لە نێو چوارچێوەی ئیرادەی مرۆڤدان. مرۆڤ بەرهەمی کلتوورێکە و ئەو ژینگە و پەیوەندییانەی کە لە دەوروبەرییەوە بوون لە فۆرمۆڵەکردنی بیر و چۆنێتی ڕەفتاری ڕۆڵی کارایان بینیوە. مرۆ تەنها خۆی نەخشی ئەو بیرەی نەکێشاوە کە زەبروزەنگئامێزە و دواجار بە کردار و ڕەفتار دەری دەبڕێ، بەڵکە خێزان و پەروەردەی نێوماڵ، کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها دامودەزگاکانی بەڕێوەبەری وڵاتیش لە داڕێژانی بیری ئەودا ڕۆڵی کارا دەگێڕن. مرۆ لە لایەن کارتێکراوی چەندان هێزی دەرەوەی خودی خۆیەوە بە چەندان جۆری ڕق یان خۆشەویستی شارژ دەکرێت،

یان شارژ دەبێت. ئەو هێزانەی کە کاریگەترینن لە تژیکردنی ڕۆحی مرۆڤ بە ڕق بریتین لەباوەڕ و ئایدۆلۆژیا، کلتوور و دابونەریت، کێبەرکێی ئابووری و دەستکەوت و هتد.

کۆنفۆشیۆس، بە هەوادارانی خۆی دەڵێت: "مەهێڵە خراپیی لە بیرتدا جێ بگرێت". فرانسیس باکۆن دەفەرموێ: "ئەوەی بیر لە تۆڵە دەکاتەوە برینەکانی خۆی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە". ماری میکارتی وا لە توندوتیژی دەگات و دەڵێ: " زەبروزەنگ وا دەکات لە بیرمان بچێتەوە ئێمە کێین." عومەر خەیام دەبێژێ: "هەڵس و کەوت لەگەڵ کەسانی هەڵگری بیروباوەڕی نامرۆڤانە، دۆزەخێکە لە سەر زەمین."[1].

مرۆڤی بە ڕق بارگاوی بەروبوومی کلتووری شەڕە و بە بیری تۆڵەسەندنەوە چەکدار دەکرێت، کە ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی بەرهەمهێنەرەوەی شەڕ و توندوتیژییە. کەسی ڕقئەستوور، سیفەتی شەڕانگێزییەکەی هەموو سیفەتە سروشتییە مرۆییەکانی تری دادەپۆشێ و ڕووبەرێکی گەورەی مێشکی خۆی بۆ پیلانگێڕان و زەبروەشاندن و تۆڵەستاندنەوە تەرخان دەکات. کەسی وا لە خۆی و دەوروبەر نامۆیە، دەبێت بە دوژمنی ژیان و ئاشقی وێرانی و ڕووخان و لەناوبردن. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، واتە مرۆڤی شارژکراو بە میهر و خۆشەویستی دەبێتە دۆستی ژیان. ئاشنای خود و دەوروبەری خۆیەتی و ئاشقی بنیاتنان و دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەیە.

کە خۆشەویستی و ڕق هەردووکیان تۆو بن و زەمینەیەکیان پێویست بێت بۆ ڕووان و گەشەکردن و شکۆفەکردن، ئیدی بەڵگەنەویستە وەک چۆن شەڕ پرۆژەی شەڕخوازەکانە، پێویستە بۆ ئاشتیش پرۆژە هەبێت و لە لایەن ئاشتیخوازەکانەوە دابڕێژرێت و پیادە بکرێت. بە جۆرێ کە بە پرۆسەیەکی چڕ و پڕی دەروونی و هزریدا سازیاری ئەو دۆخانە بن کە "خۆشەویستی، میهرەبانی، سینگفراوانی، دەروونئاوەڵایی، دڵئاوادەنی و سازگاری" بەرهەم بهێنن، کە هەموویان یەکەکانی پێکهێنەری ئاشتین.

## کۆمەڵگەی کورد و کلتووری شەڕو ئاشتی:

ئێمە وەک کورد خاوەنی مێژوویەکین مەخابن جگە لە شەڕی داگیرکەر، چەندانی تری نێوخۆیی و خۆکوژی تێدا بووە. کوردستان لە دوای شەڕی چاڵدێرانی 1514 ەوە کە لە نێوان دوو ئیمپراتۆری ساسانی و عوسمانیدا ساز بوو، لە ئاکامیشدا کوردستانیان دووکەرت کرد و بەسەر خۆیانیاندا دابەش کرد، لەوساوە ئەو کەرتە جوگرافیایە کراوەتە مەیدانی شەڕ و پەلاماری ئەم داگیرکەر و ئەو داگیرکەر. مێژووی 500 ساڵەی شەڕی داگیرکاریی و سەردەستی ئەوان و بندەستی کورد، وای کردووە مرۆڤی کورد بە هەموو

جۆرەکانی توندوتیژی ئاشنا بێت و، ئەوەی نامۆ بێت لە لای زۆربە چەمک و پێناسەی "ئاشتی" و ئاکاری ئاشتیخوازانە بێت.

وەک دۆخێکی دەروونی ئەو پەلامارانەی کە گەمارۆی ڕۆح و کەسایەتی مرۆڤی کوردیان داوەو، وەک میکانیزمێکی هەرەسانای بەرگری دەروونی لە خودی خۆی، زۆر جار دژ بە خۆی وەستاوەتەوە و شەڕی دژی گروپی خۆی هەڵگیرساندووە. ئەوەی ناوی نرا شەڕی براکوژی، یان خۆکوژی یەک لەو میکانیزمە سامناکانە بوو کە کورد بۆ بەرگری دەروونی دژ بە یەکتری و خۆی بەکاری بردووە و، خودی ئەم میکانیزمەش بەرهەمهێنەری دەیان جۆری توندوتیژی بووە و یەک لە دەرهاویشتەکانیشی حەزی "تۆڵە"یە لە دەروونی ئەوانەی پریشکی توندوتیژییان بەرکەوتووە. مەخابن چ لە شەڕی داگیرکەران و چ لە شەڕی نێوخۆدا پریشکی توندوتیژی بەر بە زۆربەی زۆری تاک و خێزانەکانی کۆمەڵگەی کورد کەوتووە، لە شێوەی زیندان و ئەشکەنجەکانی ناو زیندان، کوشتن ،لە سێدارەدان، تالانکردنی ماڵ، ئاوارەکردن، ڕاگواستنەوە، ئەتککردن، لاقەکردنی ئافرەتان، فرۆشتنی کچان، شەڕی دەروونی لە شێوەی گاڵتەجاڕی، شکاندنەوە، تۆمەت وەپاڵنان و زۆر شێوەی دیکەی توندوتیژی لە وتار و لەئاکاردا.

لە هەردوو ئاستەکەدا، واتە ئاستی "شەڕی داگیرکەر بۆ کورد" و شەڕی"کورد و خۆی" دا، دۆخی "حەزی تۆڵە" لە مێشک و دەروونی مرۆڤی کورددا نەخشەیەکی بەرجەستەی پێکهێناوە. بەرامبەر بەمەش جارو بار ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان کورد و دەرەوەی خۆی و ، کورد لەنێوخۆی، مۆرکراوە، بەڵام هیچ کاتێک ئاشتییەکان و ڕێککەوتنەکان لە ڕێگەی پرۆژەیەکی عەقلانی و بۆ مەبەستی ئاشتییەکی هەمەگیر و قووڵ نەکراون و تەنها ئاشتییەکی ڕووبەرییانە بوون و هۆکاری ئەو ڕێککەوتننامەش لە ناچارییەوە و بەهۆی فشاری هێزی سێیەم"هێزی دەرەکی" بووە. بۆیە ڕێککەوتننامەکانی ئاشتی ئەگەرچی ئاگربەستێکی هێنابێتە ئاراوە و شەڕی ڕاگەیاندنی دژ بە یەکتری سووکتر کردبێتەوە، وەلێ ئارامییەکی دەروونییان نەهێناوەتە ئاراوە و توندوتیژی برەوی وەک خۆی ماوە و لە هەندێ بوار و هەڵوێستتدا مرۆ تەنانەت مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەکات.

بۆ سڕینەوەی ئەو نەخشە ترسناکە، پرۆژەگەلی ئاشتیخوازانە پێویستن. بۆ ئەوەی میهرەبانی ببێت بە نۆرمێک و جێگە بە ڕق لێژ بکات، پێویستە بیر لەو پرۆژانە بکەینەوە کە زەمینە بۆ گەشەدان بە ئاشتی و کلتووری ئاشتی ساز دەکەن. بۆ ئەوەی ئاشتی تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز نەبێت و ڕاستگۆیانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت، پێویستە لەسەر کاغەزەوە بگوێزرێتەوە بۆ نێو دەروونی هەموو تاکێک، بۆ نێو هەموو خێزانێک، هەموو گروپ و ڕێکخراوێک و نێو ئۆرگانی حیزبەکان و نێو دامودەزگاکانی دەوڵەت.

ئەوەی کە گرنگ و سەرەکییە بۆ ئێمەی کورد ئاشتی نێوخۆییە، بەلام ئاشتییەکی ڕۆچوو بە قولایی دەروون و بە باوەڕەوە لەخۆبووردن و لەویتر بووردن و گەیشتن بە ئاستی میهرەبانی و کردنی خۆشەویستی بە نۆرمێک لە نێو کۆمەڵگەدا. تەنها بوونی خۆشەویستی بە نۆرم دەتوانێ ئاسوودەییەکی دەروونی کۆمەلایەتی و سیاسی بخوڵقێنێ و لە نێو ئەو ئاسوودەییەدا مرۆڤی ئێمە دەتوانێ داهێنان بکات و گەشەبکات. تەنها بە خۆشویستنی یەکتری دەتوانین یەکتری بە جیاوازییەکان و تایبەتمەندییەکانەوە قبوڵ بکەین و ڕێزی یەکتری بگرین و میهرەبان بین بەرامبەر بە یەکتر. خۆشەویستی بەرهەمهێنەرەوەی خۆیەتی و چاندنی ئەو تۆوە لە دەرووندا پرۆژەی پێویستە و کاری ئاشتیخوازان و مرۆڤدۆستان و نیشتیمانپەروەرانە. پرۆژەی دروستکردنی کەسایەتی میهرەبان، پێویستییەکی قۆناغی نوێی کوردستانە، کە لەسەرووبەندنی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێیە.

کۆمەڵگەی مەدەنی، بە مرۆڤی مەدەنی بەڕێوە دەچێ، مرۆڤی مەدەنیش ئەو ژن و پیاوە میهرەبانانەن کە دژ بە کلتووری شەڕ و توندوتیژین، دژ بە وتار و کرداری ئازاردەر و سەرکوتگەرن. مرۆڤی مەدەنی کورد، بە هێمنی و میهرەبانییەوە لە کێشەکان دەڕوانن و هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە بە لوولەی تفەنگ، بە وتاری ڕووشێنەر و کرداری داپڵۆسێنەر چارەسەری کێشەکان بکەن. کوردستانێکی نوێ و مەدەنی پێویستی بە ژن و پیاوی مەدەنی و ئاشتیخوازە.

ئەو توندوتیژیانەی کە دۆخە دژوارەکانی شەڕ خوڵقاندوونی و ئەو تراژیدیایانەی کە دەرهاویشتەی شەڕ بوون، بوونەتە هۆی ئەوەی مرۆڤی کورد لە خۆی و لە یەکتر بتۆرێنێ، قەیرانێکی دەروونی کۆمەلایەتی هێناوەتە ئاراوە و، پێویستمان بە دەربازبوونە لەو قەیرانە. سپاردنی ئەو زامانە بە قەدەر بۆ ساڕێژبوون دادی ئێمە نادات و ئەگەر ئەمڕۆ لە تیمارکردنیان نەگەڕێین، سبەی هەو دەکەنەوە و ئازارەکانیان توندوتیژی تر دەخوڵقێنن.

ئاشتبوونەوەی ناوخۆیی "بە کردەوە" لە کوردستاندا پێویستە لە سەر ئاستی تاک و گرووپ و کۆمەڵگە بە گشتی بەرنامەیان بۆ دابڕێژرێت. بۆ ئەوەی پاشماوەکانی شەڕی ناوخۆیی و ململانێی نێوخۆیی ڕابماڵدرێن، پێویستە ئاشتبوونەوەی ڕیشەیی ڕووبدات:

- ئاشتبوونەوەی تاک لەگەڵ خودی خۆی
- ئاشتبوونەوەی تاک لەگەڵ ئەویتر
- ئاشتبوونەوەی گرووپ لەگەڵ گرووپی تر

مەبەستمە بڵێم کە بەهۆی ئەو تەنگژە و دۆخە شڵەژاوانەی کە لە ئاراداn و پاشماوەی قۆناغی دوورودرێژی توندوتیژی و شەڕن، برینە دەروونییەکانیان بە کراوەیی و سارێژنەبوویی ماونەتەوەو مرۆڤی ئێمەیان گیرۆدەی چەند جۆرێکی تۆران کردووە:

تۆران لە خود ،

تۆران لەویدی و،

تۆران لە گشت کۆمەڵگە و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگە.

پرۆژەی ئاشتی پێویستە بیر لە هەموو ئاستەکان بکاتەوە و تاک لەگەڵ هەموو جۆرەکانی ئاشتیدا ڕابێنێ و پەروەردە بکات:

- ئاشتییەکی دەروونی - کەسیی
- ئاشتییەکی دەروونی - کۆمەڵایەتی
- ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی – سیاسی
- ئاشتییەکی سیاسی- ئایینی

## پرۆسەی تۆران لە خود

لە سەر ئاستی تاکدا هەستکردن بە بێدەسەڵاتی لەبەرامبەر ڕیالیتەیەکی بەسەرداسەپێنراودا، مرۆڤ لەگەڵ خەمدا ڕادەهێنێ. خەمۆکی لە ئەنجامی هەستکردن بە بێنرخی خود و بێنرخی ژیان سەرهەڵدەدات. مرۆڤی خەمبار لەئەنجامی ئەو هەستەوە لە خۆی دەتۆرێ و بێهودەیی و ڕەشبینی دەبێتە ستیلی ژیان و ڕێڕەوی بیرکردنەوەی بەرەو کۆڵانی بنبەست دەبات.  سێ فاکتەر هەن برەو  بە هەستکردن بەخەمۆکی تاکی کورد دەدەن:

یەکەم: وەک بوونێکی فیزیکی تاکی کورد بوونی هەیە و بەرجەستەیە، بەلام بێناسنامەیە. چونکە ئاستی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کورد لەو قۆناغەدا نەبووە کە ئیندیڤیدوالیزم "تاکگەریی" برەو پەیدا بکات و تاک ببێت بە سەنتەری بڕیارڕدان لەسەر خودی خۆی.

دووەم: تاک لە ناو گروپ و هۆز و تایفە، یانیش لە نێو حیزبدا تووەوەیە. ئەمەش دەسەلاتی خود لە سەر بڕیاڕی خۆی کەمرەنگ دەکاتەوە.

سێیەم: ئیرادەی تاک لە قەیرانێکی ڕاستەقینەدایە. تاک لە نێو ئەو چوارچێوانەدا و لەگەڵ ئەو خەمە دەروونییانە خۆی ڕاهێناوە و وزەی یاخیبوونی پۆزەتیڤی نەماوە.

بۆیە دەستەواژەی "یاخیبوونی پۆزەتیڤ" بەکار دەبەم، چونکە بەرامبەرەکەشی بوونی هەیە. هەن لە کۆمەڵگەدا خۆیان بە یاخی، بزێو، جەربەزە و ئازا و ڕەخنەگر لەقەڵەم

دەدەن، بەڵام بۆ ئەم یاخیبوونە نە پرۆژەیان هەیە و نە ئامانج. یاخیبوون تەنها لە پێناوی یاخیبووندا نییە، بەڵکە پێویستی بە بەرنامەیەکی هزرمەندانە هەیە و پێویستە کەناڵیزە بکرێت. مرۆڤ لە بارودۆخێک یاخی دەبێت کە بە دڵی نییە، بەڵام ئەگەر ئەو یاخیبوونەوەی تەنها بە بەگژاچوونەوە و هەڵچوونێکی دەروونییانە و بە شێوازێکی هەرزەگۆیانە دەربڕی و هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی نەخستەڕوو بۆ چاکسازی ئەو دۆخە دژوارەی کە لێی یاخی بووە، ئەوە یاخیبوونێکی نێگەتیڤ و بێئەنجامە.

بەپرۆژەکردنی یاخیبوون، هەوڵدانە بۆ چاکسازی دۆخە دژوار و ناهەموارەکان، لە ڕێگەی دۆزینەوەی کەناڵی کاریگەر بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە ناحەزانەی کە لە ئارادان. ئیدی ئەو دیاردانە سیاسی بن، کۆمەڵایەتی بن، ئابووری بن یان کلتووری. هەر کۆمەڵگەیەک مرۆڤی ڕەخنەگر و یاخی تێدا نەبێت گەشە ناکات، وەلێ ئەگەر ئەم یاخیبوونە بە پرۆژەنەکرابێ و بە ئاراستەی چاکسازی کەنالیزە نەکرابێت، نەک هەرئەنجامێکی نابێت، بەڵکە دەبێتە ماشێنی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی.

مرۆڤ دەتوانێ هاوکات میهرەبانیش و یاخیش بێت. یاخییەکی میهرەبان دەتوانێ ڕوونبینتر بێت و بە نیانی دەست لەسەر کەموکوڕییەکان دابنێت و لۆژیکیانە ڕەخنەیان لێ بگرێت و هزرمەندانە چارەی ڕیشەییان بۆ بدوزێتەوە.

ئەگەر مەبەست لە گۆڕانکاری بێت بەرەو باشتر و ئەم خواستە لە پشت یاخیبوونەکانمانەوە بێت، دەتوانین کاریگەریمان لەسەر دۆخە دژوارەکان زیاتر هەبێت. هەرگیز و لە هیچ شوێنێکدا بە ڕق و تووندوتیژی (چ بە کردار بێت یان وتار) دۆخێکی ئاڵۆز خاو نابێتەوە. ئەگەر مەبەستمان خاوکردنەوەی ئاڵۆزییەکان بێت و چارەسەری دەردەکان بێت، ئەگەر مەبەستمان لە ڕوونکردنەوەی تاریکییەکانە، تەنها بە هەڵکردنی چرای خۆشەویستی و مرۆڤایەتی گرەو دەبەینەوە.

## ئاشتبوونەوە لەگەڵ خوود:

ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی ئەویدی خۆش بوێ، نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی کە ئەو مرۆڤە خۆی خۆش ناوێ و لەخۆی تۆراوە. وەک لە سەرەوەش ئاماژەی پێدراوە چەندان فاکتەر هەبوون لە پشت لەخوودتۆرانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کورد. ئەو نیشانانەشی کە لە خۆتۆران و لەخۆنامۆبوون دیاری دەکات لای مرۆڤێکی ئاسایی بریتییە لە:

- هەبوونی هەستی دژایەتی و پەلاماردانی ئەویدی، ئیدی ئەو پەلامارە بۆ سەر باری فیزیکی بێت، یان باری ڕۆحی ئەویدی. ئەم دۆخە لە ئەنجامی قەیرانی

خۆشەویستییەوە سەرهەڵدەدات. کە لە بناغەدا نەبوونی خۆشەوستییە بەرامبەر بە خود، چونکە مرۆڤ لە پرۆسەی چەسپاندنی ناسنامەی خۆیدا ئەویدی ئاوێنەیەتی. پەیوەندی نێوان "خود و ئەویدی" سیفەتەکانی کەسایەتی ئەو دیاری دەکات. ئەلبێرت کامۆس واتەنی: " کە نەتتوانی خۆشەویست بیت بەدبەختییە، وەلێ کە نەتتوانی کەست خۆش بوێ، کارەساتە."

- متمانە نەکردن بەویتر: تۆمەتبارکردنی بێ بەڵگە و بێ سەرچاوە، هۆنینەوەی هەموو شتێکی خراپ بۆ ئەوی دی لەسەر بناغەی وەهم و دڕدۆنگی و دواجار باوەڕهێنان بە خۆ کە وەهمەکان ڕاستیین و لە سەر بناغەی ئەوانەش ئازاردانی ئەویدی. ئەم دۆخانە قەیرانی ڕاستەقینەی دەروونی دەیانخوڵقێنێ، متمانەنەکردن بەویدی متمانەنەکردنە بە خوود و لەو گومانەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو کەس دوژمنە و هیچ کەس دۆست نییە. ئەمە دۆخێکە خەمۆکی دەیخوڵقێنێ و دەشبێتە سەرچاوەیەکی فراوان بۆ ڕەشبینی.

- داننەنان بەویتردا: هەبوونی هێزێکی فریودەر لە ناخەوە بۆ خوودخوازی. داننەنان بەویدی نیشانەی خوودخوازییەکی کوشندەیە، لە ئەنجامی خۆپەسەندییەکی زێدەڕۆوە دروست دەبێت. ڕەهابینی ئەو مەترسییەی تێدایە کە مرۆ هەمیشە ئەویدی بە "تەواو"هەڵە و خۆی بە "تەواو"ڕاست بزانێ. دۆخەکانی ڕەهابینین لە مرۆڤدا وا دەکەن ئەویدی بە "دژبە خۆی" ببینێت، نەک بە "جیاواز لە خۆی".

## ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەویدی:

مرۆڤ ئەگەر لەگەڵ خۆی ئاشت نەبێتەوە، ناتوانێ ئەویدی خۆش بوێ. مەرجی ئاشتبوونەوە لەگەڵ بەرامبەر پەیوەستە بەو پەیوەندییە ئاسایی و سروشتییەی کە مرۆڤ لەگەڵ بەشەکانی کەسایەتی خۆیدا هەیەتی، واتە لەگەڵ "من - ئیگۆ"، "منی باڵا-سوپەر ئیگۆ" ی کەسایەتی خۆی. مرۆڤێک کە لەگەڵ خودی خۆیدا لەشەڕدا بێت، کەسایەتییەکی تێکشکاوی دەبێت. مرۆڤی تێکشکاو، ناتوانێ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرکەوتوو بێت، چونکە هاوکات "گوماندەکات" و خۆی بە "گومانلێکراو" دەزانێ.

بۆ ئەوەی ئاشتبوونەوە لەگەل خوددا بچێتە قۆناغی پراکتیکەوە، پێویستە هەموو ئەو بەربەستانەی نێوان مرۆڤ و خود لاببرێن و مرۆڤ بە خودی خۆی ئاشنا ببێتەوە.

ئاشنابوون بە خۆ واتە خۆناسین و گەیشتن بە جەوهەری خۆ و تێگەیشتن لە خۆ. مرۆڤی لەخۆگەیشتوو چاکتر دەتوانێ لەویدی بگات. لێکتێگەیشتن دۆخەکانی بەدگومانی کەم دەکاتەوە.
ئەو بەربەستانەشی کە دیار و ناسراون و هۆکاری تۆرانەکانی مرۆڤی کوردن، ئایینی، ئابووری، کلتووری و سیاسیین. بەلام پێش هەموو ئەوانی دی، بەربەست یان فاکتەری سیاسی دێت.
کەواتە بەپرۆژەکردنی ئاشتی سیاسی، لادانی یەک لە سەرەکیترینی ئەو بەربەستانەیە کە لە نێوان مرۆڤی کورد و خودی خۆی دانراوە.

**کلتووری بەعس**

"شەڕکردن لەگەڵ کلتووری بەعس درێژخایەن دەبێ"، ئەمە سەردێڕی ئەو وتارە بوو کە لە 2003/4/8، ڕۆژێک پێش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، هەر لەم ماڵپەڕە"کوردستان نێت" دا بلاوم کردەوە[2].
بە پێوەری زانستی پۆلیتیک لە 2003/4/9 دا ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام کۆتایی پێهات، بەلام بە پێوەری زانستی ئەنترۆپۆژیا[3] دەتوانین هێشتاش و تا ماوەیەکی درێژخایەنی ئایندەش ئامادەبوونی کلتووری بەعس لە نێو ڕەفتار و گوفتاری بڕێکی زۆری خەڵکی دەڤەرەکە ببینین. میراتی ڕژێمی بەعس بۆ ناوچەکە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی کلتوورێکە لەسەر پایەی زەبروزەنگ، توندوپتەو بنیاتنراوە.
جیا لە هەموو میکانیزمەکانی تر، لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەوە خوڕەوشتی توندوتیژی بەپرۆژەکراوی بەعس خزێندرایە نێو دەروون و ئینجا کەسایەتی خەڵکی ئەو دەڤەرە. بەلام ئایا تەنها ڕژێمی پێشوو بەرپرسیاری ئەو کلتووری توندوتیژییەیە کە لە ناوچەکەدا هەیە، یان تۆوی ئەو زەبروزەنگە پێشتر چێندراوە و ئەو تەنها گەشەپێدەری بووە و بە میتودی هەمەڕەنگ برەوی پێدا و پیادەی دەکرد؟
سیوپێنج ساڵی حوکمڕانی بەعس و "گەشەپێدانی کلتووری شەڕ" لە لایەن ئەو ڕژێمەوە و بە میتودگەلی ناعەقلانی و دوور لە هەموو پێوەر و موڕاڵێکی مرۆیانە، چەند زووتر بەرەنگاری ببینەوە، هێشتاش درەنگە. لە پێناوی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە کوردستاندا، پاشماوەی کلتووری سەربازی پێویستە ڕابماڵدرێت، وەلێ نەک بە ئامرازی داپڵۆسینەر و زەبروزەنگ. یەک لەو بەڵگەنەویستانەی کە پێویستمان دەبێت پیادەی بکەین، پرۆژەی "چاندن و گەشەپێدانی کلتووری ئاشتی" یە.

تێزی "بەپرۆژەکردنی کلتووری ئاشتی" لە لایەن ئێمەوە، بۆیە دەبێتە پێویستییەکی قۆناغی نوێ، چونکە تەواو وەک ئەنتی تێزی "بەپرۆژەکردنی کلتووری شەڕە" لە لای کەس و هێزە شەڕخوازەکانی ناوچەکە و، تەنها بە دژەپرۆژەیەکی لەم جۆرە دەکرێ

بەرەنگاری کلتووری توندوتیژی بەعسکرد ببینەوە و کاریگەری ئەو کلتوورە لە دەروون و لە ڕیاڵیتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێرەنگ بکەینەوە. ئێمە وەک کورد پێش هەر کەرتە جوگرافیایەکی تر لە ناوچەکەدا بەرپرسیارێتیمان بەرامبەر بە ماڵی خۆمان (کوردستان) هەیە بۆ پاکسازی و ڕاماڵینی کلتووری بەعس تێیدا.

### میکانیزمەکانی ئاشتیپەروەری:

ئاشتیپەروەری دەستەواژەیەکە لە دوو واژە پێک دێت. ئاشتی و پەروەردە. بۆ ئەوەی مرۆڤی میهرەبان و ژیانپەروەر دروست ببێت، پەروەردەی ئاشتیبەخش بەردی بناغەیە. بە پرۆژەکردنی ئاشتیخوازی بە بێ دانانی ئەو بەردی بنچینەیە، نزیکە لە مەحاڵەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ئامرازگەلی پەروەردە بۆ ئەوەی کاریگەر بێت و ئەنجامی هەبێت، پێویستە بە دوو ئاقار و ئاراستەدا سوودی لێ وەربگیرێت.

یەکەم: خۆپەروەردەکردن

دووەم: پەروەردەکردن

پێناسەیەکی هەرە سادە و سانای پەروەردە " ڕاهێنان" ە. ڕاهاتن بە نۆرمێکی دیاریکراو وا دەکات ئەو نۆرمە ببێت بە خوو و لە ڕەوشتدا جێگیر ببێت. بۆیە پەروەردە دەتوانێ بە دوو شێوە بە کار ببرێت، هەم کەسایەتی بنیات بنێت و هەمیش نغرۆی بکات. نموونەیەکی هەرە بەرچاو و ئەکتوێل بۆ پەروەردەی نغرۆکار، ڕاهێنانی تیرۆریستانە لەسەر بەدخوویی و چەسپاندنی نۆرمی توندوتیژی کوشندەیە لە ناخیاندا، تا ڕادەی خۆتەقاندنەوە و خۆوێرانکردن و دەوروبەر وێرانکردن.

بۆ ئەوەی ئاشتیپەروەری ببێتە ستیلێک بۆ خووڕەوشت و ڕوانگەیەک بۆ بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ، بۆ نەوەی نوێ "پەروەردەکردن " و، بۆ نەوەکانی پێشووش "خۆپەروەردەکردن" پێویستەو ئەمانەش پێویستیان بە پرۆگرامێکی وردبیرلێکراوە هەیە.
هەڵەکاری لە پەروەردەدا وەک هەر هەڵەیەکی تر نییە کە لە ژیانی ڕۆژانە یان سالانەی مرۆڤێکی ئاساییدا ڕوو دەدات و ڕەنگە زیانێکی ماددی یانیش فیزیکی پێ بگەیەنێت، بەڵکە هەڵە لە کاری پەروەردەدا زیانگەیاندنە بە دەزگایەکی هەرە هەستیار و گرنگی مرۆڤ "دەزگای دەروون"، کە ئەمیش بە مانای شێواندنی کارەکتەری مرۆڤ و سروشتی مرۆڤانەی دێت.

توێژینەوە نوێیەکان لە بواری مرۆڤناسی و ئاکارناسیدا لەسەر بناغەی ئەو تێگەیشتنە ساکارە بنیات نراون کە دەڵێ مرۆڤ بریتییە لە "دەروون، ڕۆح و جەستە". ئەنترۆپۆلۆژی ناسراو وێرنەر سۆمبارت پێی وایە کە خودی ئەو پێکهاتانەیە لە مرۆڤدا وا دەکات

هەقخواز بێت.[4] بە هەمان شێوە "ماکس شێلەر"یش ئەم پێکهاتەیە دەکاتە بناغەی ئەنترۆپۆلۆژیای خۆی. ئەمیان وا گوزارە لەم پێکهاتانەی کارەکتەری مرۆڤ دەکات:

- ((مرۆڤ جەستەیەکە لە نێو جەستەکان، ناوەندێکە بۆ هێزێکی فیزیکی.
- بەلام، ئەو هەروەها ناوەندێکی بزێو، ژیاو و ڕۆحدارە بە کارەکتەرێکی تاک و تایبەتییەوە.
- لە کۆتاییشدا، ئەو هەروەها ناوەندێکی کەسییە، ئا ئەمەیە کە دەیکاتە مرۆڤ. ئاژەڵیش ڕۆحی هەیە، بەلام مرۆڤ هەم ڕۆحی هەیە و هەمیش دەروون.))[5]

کە پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ هێندە بایەخدار بێت و خاڵی جیاکەرەوەی بێت لە ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی تری گەردوون، دەکرێ وەک ئەنجامێکی ئاسایی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە هەتا ئێستا لە باری مرۆڤ و کارەکتەرییەوە کراون، بلێین: دەزگای دەروونی مرۆڤ، هەستیارترینە لە نێو کۆئەندام و دەزگا و ئۆرگانەکانی تری، چونکە تێکچوونی ئەم دەزگایە مرۆڤ لە سروشتێتی و ئاساییبوون دەخات.

دەگەڕێمەوە سەر پەروەردە و لە بەر ڕۆشنایی ئەو پێکهاتانەی کارەکتەری مرۆڤ وەک بوونەوەرێک کە خاوەنی دەروون و ڕۆح و جەستەیە و ناوەندی بزوتنەوە و ژیانە و تایبەتمەندێتی کەسێتی دەپارێزێت، باس لە ئاشتیپەروەری دەکەم. لە سەر هەر سێ ئاستی دەروون، ڕۆح و جەستەدا دەکرێ پەروەردەکردن و خۆپەروەردەکردنی میهرخوازانە بکرێت بە ستیلی ژیان و بە نەریتی ژیانی ڕۆژانە.

### خۆپەروەردەکردن:

بۆیە لە "خۆپەروەردەکردن"ەوە دەست پێدەکەم، چونکە ئەوە نەوەکانی پێشوون کە هی نوێ پەروەردە دەکەن، بۆیە سەرەتا خۆپەروەردەکردن دەبێتە پێویستییەکی حەتمی و ئینجا کەسی خۆپەروەردەکردوو دەکرێ کاری "پەروەردەکردن" ی پێ بسپێردرێت و وەئەستۆی بگرێت.

خۆپەروەردەکردن خۆ ڕاهێنانە بۆ باشترکردن و بەهێزترکردنی توانا هزری و هەستی و دەماری و فیزیکییەکانی خۆ بۆ ئەوەی خۆڕاگرتر بن لەبەرامبەر ئەو خەتەرانەی کە هەڕەشە لە دەروون و کارەکتەر دەکەن. بە مانایەکی تر زیادکردنی وزەی خۆکۆنترۆڵکردنە لە ڕێگەی خۆناسییەوە.

بۆ ئەوەی خۆپەروەردەکردن ڕوو بدات، پێویستە ڕێنومایی هەبێت بۆ دۆزینەوەی خوودی خۆ، ئەمەش تەنها لە ڕێگەی زانیاری یەوە دەبێت. مرۆڤی ئێمە چ زانیارییەکی دەربارەی خۆی هەیە، دەربارەی دەروونی خۆی، دەربارەی ئەو فاکتەرانەی کار لە یەکتری و لە خودی ئەو دەکەن؟ ئایا ئێمە هیچ زانیارییەکمان هەیە دەربارەی سایکۆلۆژیای ژیانی ڕۆژانە؟ ئایا دەزانین چی لە پشت ڕەفتارەکانی هەر یەکێکمانەوە هەیە؟

سایکۆلۆژیای ژیانی ڕۆژانە و وەدەستهێنانی زانیاری تەواو لەبارەی پێکهاتەکانی دەروون یەکێکە لەو میکانیزمانەی ڕێگەی ئاشنابوون بە خۆ کورت و قەدبڕ دەکاتەوە.
"زوو یان درەنگ مرۆڤ لەبەردەم ئەو داخوازییەدا خۆی دەبینێتەوە کە ببێتە هاومرۆڤێکی باشتر، زۆرتر بابەتی، کەمتر خۆپەرست، کە هێزەکانی ناوەوەی خۆی کۆبکاتەوە لە دەوروبەری ئامانجێکدا، کە جەوهەری کەسایەتی و لایەنەکانی کەسایەتی بەرجەستە بکات."[6]

**گەڕان بە دوای خۆدا:**

مەرج نییە تەواو هەست بە ونبوون بکەیت ئینجا بەدووی خۆدا بگەڕییت، هەر هەستکردنێ بە نائاساییبوون و دوورکەوتنەوە لە سروشتی ئارامی مرۆڤانە وێڵبوونێکە و هەقە نیگەرانت بکات.

گەڕان بە دوای خۆدا، گەڕانە بە دوای کۆدەکانی ڕۆح تا دەروونی شڵەژاو یان نیمچەشڵەژاوی پێ ئارام بکرێتەوە، تا کۆک بکرێتەوە و بەرەو ئاقاری ئاسایی و سروشتی خۆی ئاراستە بکرێت.
مەهاتما گاندی دەڵێ: "باشترین ڕێگا بۆ خۆدۆزینەوە، خۆونکردنە لەخزمەتی ئەوانی تردا."[7] لەم وتە بەنرخەدا دەتوانین مانایەکی سانا و سەنگین هەڵگۆزێن، ئەویش خۆسەلماندنە لە ڕێگەی خزمەتکردنی ئەوانی ترەوە. لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ هاومرۆڤەکانی ترەوە کە خزمەتی کردوون هەست بە بوون و ئاست و نرخی خۆی دەکات، بە مانایەکی تر پێوەرێکی دێتە دەست لە بارەی بەها و پایەی خۆی لە نێو ئەوانی تردا. لە نێو ئاوێنەی چاوی ئەوانی تردا خۆی دەبینێتەوە.

کەواتە خۆپەروەردەکردن لە ڕێگەی کارەوە و؛ بە هوشیارییەوە دڵسۆزبوون و خزمەتکردنی کۆمەڵگە بۆ هەر یەکێک دەبێتە پێویستییەکی دەروونی و، هاوکات کار و چالاکی کۆمەڵایەتی دەبێتە زانکۆیەک بۆ فێربوون و فێرکردن.

کە بە هەناسەیەکی فێرخوازانەوە، بە دەرک و هوشیارییەوە، بە مەیلێکی مرۆڤدۆستانەوە بۆ چاکخوازی، بە ئارەزوویەکی خۆسەلمێنەرانەوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەت ڕوو لە کۆمەڵگە دەکەین، ئامانج دەپێکین و لەنێو ئەو کارەدا کەسایەتیمان گەشە دەکات و ڕۆژانە پەروەردە دەبین.

کار و چالاکی ڕۆژانە ئەگەر بە مەبەستی خۆسەلماندن و گۆڕانخوازی نەبێت و تەنها وەک ئامرازی بژێووی بەکارهێنرا، جگە لە ڕۆتینێکی ڕۆژانە کە بەکاوەخۆ وزەکانی مرۆ

دەکوژێ، چی دیکەی لێ هەڵناگۆزرێت. هەموو چالاکیەک و بزوتنەوەیەکی ڕۆژانە بۆ کار دەتوانێ زانیاریبەخش بێت ئەگەر زانیاریخوازانە ئەنجامی بدەین. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر کار و چالاکی ڕۆژانە تەنها بۆ مووچە و بژێوی ئەنجام بدرێت، جگە لەو مووچەیە هیچی دیکە نابەخشێت.

### ئیتیک و موراڵ:

هێنری تۆرۆ دەڵێ: "ئەوەندە بەس نییە کە سەرقاڵ بیت، پرسیارەکە ئەوەیە خەریکی چییت؟"

ئیتیک و موراڵی کارو چالاکی و چۆنێتی بەکارهێنانیان پێوەرن کە چۆن خۆت دەسەلمێنی و ئایا ئامانجێکی پیرۆز ئاراستەی کردووی؟ لە دێرزەمانەوە سەرچاوەیەکی سەرەکی کە پێوەری ئیتیکی تاکی دەستیشان کردبێت، کتێبە پیرۆزەکانی ئایینەکان بووە و ڕێنومایییەکانی ئەوان بۆ چاکە و خراپە، قەدەغەکراو و ڕێگەپێدراو، جوان و ناشیرین و.. هتد پێوەر و ئاراستەنوما بوون بۆ هەنگاوەکانی مرۆڤ.

کە یاسا داهات، جێگەی زۆر لە ڕێنومایییەکانی ئایینی گرتەوە و هێدی هێدی سەروەرێتی بۆ خۆی قۆرخ کرد. وەلێ کام و چ جۆرە یاسایەک پێویستە بۆ جێلێژکردن بە ڕێنومایییەکانی ئایینەکان سەروەرمان بێت؟

مێژوو دەستمان دەگرێ و دەمانباتە ناوچەیەک کە یەکەمین دەقی یاسایی تێیدا لە لایەن پاشایەکەوە داهێنرا. لە بابل دا "حەمورابی" لە ساڵەکانی حوکومڕانی خۆیدا لە نێوان **1686-1725** ی پێش زایین، یەکەمین دەقەکانی یاسای داهێنا.[8] واتە لەو دەڤەرەدا کە ئەوسا مەملەکەتی بابلییەکان بووە و ئێستا ناوی عێراقە و داگیرکەری کوردستانی ئێمەشە، ئەو یاسایانە داهێنران و باوکی ئەو یاسایانەش پاشای ناوبراو بووە. بەڵام لەو یاسایانەدا کە دواتر بوون بە ڕێنوما و ئاراستەنومای خەڵکی هەموودەڤەرەکە، سزای دزی دەستبڕینەوە بوو، سزای کوێرکردنی چاوێ، کوێرکردنی چاو و ، سزای شکاندنی ددانێک، شکاندنی ددانی ئەویدی بوو. هەر لەو یاسایانەدا ژن بێبایەخ بوو، جگە لە کاڵایەکی تایبەت بە پیاوی بنەماڵە، چ نرخێکی مرۆڤانەی تایبەتی نەبوو. منداڵ و ژن سامانی باوک و مێرد بوون و هتد.

یاساکانی حامورابی، کە ژێدەری سەرەکین بۆ توندوتیژی و بەروەدان بە کۆیلەیەتی برێ مرۆڤ و ئاغایەتی برێکی دیکە، وەک وانەی پڕ لە شانازی لە کتێبەکانی مێژووی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییەکان و لە زانکۆکانی عێراقدا دەوترانەوە و ئێستاش برەوی ئەو وانانەی مێژوو کە تێژکەرەوەی مرۆڤن دژ بە هاومرۆڤ، بەردەوامییان هەیە.

جگە لەمانەش، چەندان پیاوکوژی مێژوو وەک کەسایەتی قارەمانی مێژوویی و بە شانازییەوە کتێبەکانی مێژوویان بە باسی شەڕ و کوشتار تژی کردبوو. ئەلقەعقاع نموونەیەکە لە دەیانی تر.
کافرکوژیی وانەیەکە منداڵی هێژای شەش ساڵی کە پاک و بێبەرییە لە هەموو خەوش و تاوانێ، نابوێرێ. "لە یادوەری هەر یەکێکماندا وێنەی شمشێری خوێناوی بەدڵی کافرڕۆچوودا هەیە، کە لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دا پێمان ناسێندراوە.". مەخابن ئەمڕۆش هەمان ڕێڕەوی پەروەردە لە وڵاتی ئێمەدا برەوی هەیە و ئاراستەنومای ڕووانینی کۆمەڵگەیە.
ڕاهێنانی مرۆڤ لە سەر ترس و، تۆقاندنی بە فیگەری ترسناک لە مێژووی شەڕ و کوشتاری ئایدۆلۆژیا و ئایین، خەیاڵگە، مێشک و دەروون تژی دەکەن لە وێنەی لۆچ و لاپەڕەی خوێناوی بەرەکانی جەنگ. کاتێ کلتووری شەڕ بە وانە لە قوتابخانەکاندا دەوترێتەوە و هەر لەو سەرەتایەوە ئامبازی فیگەرە شەڕخوازەکان دەکرێینەوە، ئیدی لە ڕێگەی کارتێکردنە دەروونییەکانەوە توندوتیژیی وەک نۆرمێک قبوڵ دەکەین و دواجار پیادەی دەکەین.

هەر بە پرۆسەیەکی لەم جۆرە و لە ڕێگەی پەروەردەی دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەوە لە سەرەتاکانی ژیان و فێربوونی، دەکرێ کلتووری ئاشتی و میهرەبانیش بچێندرێت. با فیگەری مرۆڤە ئاشتیخوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کتێبەکانی مێژووی قوتابخانەکان پڕ بکەنەوە. با بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی ژن، مافەکانی منداڵ ببن بە تامی وانەکانی قوتابخانە. با وەرزش و یۆگا ببنە وانەگەلی گرنگ و دەمارە گرژبووەکان خاو بکەنەوە، با وانەی مۆسیقا زاخاوی مێشک بدات و تام بدات بە ژیان. با وێنەکێشان دەربڕی خاشاکی دەروونی منداڵ بێت و گوزارە بێت لە ناخەوەی و خاڵی بکاتەوە لە وێنە شاردراوەکانی نەست و هۆشی ناوەکی. ئەمانە مەحاڵ نین و زۆریش ئاسانن.
لە قوتابخانەکانی ئێمەدا کوا پێشەوایەکی ئاشتیخواز و ڕزگارکاری نەتەوەی هیند ماهاتما گاندی ناسێندراوە؟ ئەی پایەمبەرێکی وەک زەردەشت کە داهێنەری پرنسیپەکانی (بیری باش، وتەی باش ، کرداری باش)ە کێ بە قوڵیی دەیناسێ؟

## گەشەپێدانی ویژدان:

ویژدانێکی گەشەسەندوو لە مرۆڤدا وا دەکات مرۆڤێکی میهرەبان بێت، هەقخواز بێت و، هەوڵدەر و کاریگەر بێت، ژیانخواز و گۆڕانخواز بێت. ئەو مرۆڤانەی بە توندوتیژی ڕەفتار دەکەن و وتار دەدەن، بەهۆیەک لە هۆیەکان لە پرۆسەی گەشەسەندنی کەسایەتیاندا بەربەستێک هەبووە کە نەیهێشتووە ویژدانیان بە ئاراستەو ڕێڕەوێکی ڕاستدا گەشەبکات و پێش بکەوێت.

ویژدان چییەو ڕۆڵی چییە لە کەسایەتی مرۆڤدا و چلۆن گەشەدەکات یان لە گەشەسەندن دوادەکەویت؟ دیسانەوە دەبێت لە ڕێی تیۆرییە دەروونییەکانەوە بگەینە وەڵامی ئەم پرسیارە و، بە تایبەتیش فرۆید کە لە پێشڕەوەکانی شیکەرەوەی دەروونییە دەبێتە ڕێبەری دۆزینەوەی بەرسڤی ئەم پرسیارە هەم ساکار و هەم ئاڵۆزە.

"منی باڵا – سوپەرئیگۆ" چەمکێکی دەروونییە و دەکرێ لە وەرگێڕانیدا بۆ ژیانی ڕۆژانە ڕۆڵی ویژان بلەیزێ. دروست لە بەشی " منی باڵا" دا کۆگای زانیاری لەبارەی چی ڕاست و دروست و ڕێگەپێدراوە یان چەوت و چەوێڵ و قەدەغەکراوە، هەیە.[9]

لە بەشی "منی باڵا"ی کەسایەتیدا، واتە لە ویژداندا ئەو نۆرم و ڕێنومایانە گەشەیان پێدەدرێت کە لە پەیوەندییە ئاساییەکانی نێوان مرۆڤ لەگەڵ هاومرۆڤەکەی بەرامبەریدا بە ئاسایی دادەنرێن و تێگەیشتن و ڕێککەوتنێکی گشتییان لەسەرە و قبوڵ کراون. دەبینین بێویژدان بەو کەسانە دەگوترێ کە لەو نۆرمە لادەدات کە گشت لە کۆمەڵگەدا قایلن پێی.
تووندوتیژی نۆرمێک نییە کۆبەندییەک یان ڕێککەوتنێکی گشتی کۆمەڵایەتی بێت و قبوڵکرابێت، بۆیە ئەوانەی کە بەجۆرێ لە جۆرەکان توندوتیژی دەنوێنن لە هەر بوار و بە هەرچی میتودێک بێت، دەکرێ بە بێویژدان ناوزەد بکرێن.

خۆپەروەردەکردن لەم بوارەشدا دەتوانێ ڕۆڵی گرنگ وازی بکات، واتە خۆناسی دەتوانێ ڕێچکەیەکیش بۆ پەرەپێدانی ویژدان و بەهێزکردنەوەی، تەخت بکات.
خۆناسی ڕوونبینینی ئەو ململانێ نادیارەیە کە لە نێوان بەشەکانی کەسایەتی هەر مرۆڤێکدا هەیە. هیچ مرۆڤێ نییە تەواو ساغڵەم بێت و هەموو پێکهاتەکانی دەروونی کۆک و تەبا پێکەوە کار بکەن. بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین: مادەم مرۆڤ کارتێکراوی ژینگە و دەوروبەرە، مادەم مرۆڤ بەشێک لە میراتی کەسێتی باوباپیران و داوداپیرانی بە میرات وەردەگرێت، مادەم مرۆڤ کارتێکراوی کلتوورە، هەمیشە لەبەردەم شاڵاوی ئەو خەتەرانەشدایە کە ناکۆکیهێن و ناتەبایی دروستکردن. واتە منی باڵا (ویژدان)ی مرۆڤ لەگەڵ خودی کەسەکەدا لە زرمەزلێ و زۆرانبازییەکی بەردەوامدایە. خۆناسی کلیلی خۆکۆنترۆڵکردنە، واتە زاڵبوونی مرۆ بەسەر ناکۆکییەکانی نێوان ویژدانی و خۆی.

بۆیە لە پرۆسەی گەشەپێدانی کلتووری ئاشتیدا "خۆپەروەردەکردن" پێویستییەکی ژیانییەو، بزوێنەری ڕەوڕەوەی پێشڤەچوونی کۆمەڵگەی مەدەنییە.

**پەروەردەکردن:** دێینە سەر پرۆسەی پەروەردەکردنی نەوەی نوێ و لە تەوەرێکی تابڵێی هەستیار و بایەخدار نزیک دەبینەوە. ژان ژاک رۆسۆ دەڵێ: "پەروەردە خەتەرە!". ئەمە رستەیەکی خەبەرییە و گوزارە لە بایەخی پەروەردە دەکات لە پرۆسەی دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤدا. کە لە سیستەمی پەروەردەی پیادەکراوی رژێمی بەعس دەڕوانین و ئەو توندوتیژییەی کە بوو بە هەوێنی هەزاران تاوان و کۆگۆڕ، بە سانایی لە پەیامی ئەو رستە خەبەرییە خەتەرەی ژان ژاک رۆسۆ دەگەین.

پەروەردە زانست و هونەرە، ئەگەر پەروەردەکاران هۆشمەندانە و هونەرمەندانە بەکاریان نەبرد، تابلۆی دەروونی منداڵ پڕ دەبێت لە خەوش، هۆشی ناوەکی منداڵ پڕ دەبێت لە وێنەی دڕاو. کاتێ کە توندوتیژی دەبێتە نۆرم و پەروەردەکاریش ئەو نۆرمە دەکاتە پەیام ، نەوەیەک لە سروشتی مرۆڤانە و ئاسایی دادەبڕێت و ئاشنای میتودەکانی زەبروزەنگی دەکات.

دێمەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە پەروەردە بەردی بناغەیە. بناغەیەکی پتەو بۆ کەسایەتییەکی باوەڕبەخۆ، ئاشتیپەروەر و سروشتخواز. دەستەواژەی سروشتخواز بە ئامانجەوە بەکار دەبەم و مەبەستمە لەسەری ڕابوەستم و بیکەم بە بانێژەیەک بۆ ڕوانینێکی نوێ لە مرۆڤ، یان بە مانایەکی تر مرۆڤبینییەکی سروشتی.
مرۆڤ لە سرووشتی خۆیدا بوونەوەرێکی شەڕانگێز و بەدخوو نەبووە. خووی بەد و خووی باش، کە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕەوشتن، کردەی کلتوور و پەروەردەن، کە ئەمانیش مرۆڤکردن.

چۆن نەوەی نوێ ڕزگار بکەین لە خەوشەکانی کلتووری توندوتیژی؟ وەڵام بە وشە سانایە و دەڵێین: بەوەی بیکەینەوە بە بوونەوەرێکی سروشتی. ئەی ئەمە چۆن کارا بکەین؟ بە سیستەمێکی پەروەردەی نوێ کە ببێتە ئەزموونگەیەکی بەرفراوان بۆ بنیاتنانی کەسایەتی سروشتخواز. ببێتە تاقیگەی دروستبوونی نەوەیەک کە نەفرەت لە شەڕ و توندوتیژی بکەن.

**ئاشتی سیاسی –کۆمەڵایەتی- دەروونی لە کوردستاندا:**
پرسی کورد و تایبەتمەندێتی دۆخەکەی هۆکاری سەرهەڵدانی دەیان ململانێی دەرەکی و ناوەکین. دەرەکییەکان ئەوانە بوون دۆخی داگیرکاری و داگیرکراوی هێناویانەتە کایەوە و لەگەڵ دەرەوەی خۆی بووە. گرووپی دەرەکی کە زاراوەیەکی کۆمەڵناسییە و بەرامبەر بە "دوژمن" یان "نەیار" دێت لە نەریتی سیاسی دا. کورد دەبوایە لە بەرامبەر ئەو گرووپە دەرەکییەدا "ئەوان" ، هەستێکی قووڵی "ئێمە"ی وەک گرووپێکی خۆیی یان

ناوەکی گەشەپێبدایە. بەڵام ئەم هەستە لە بن کاریگەری کۆمەڵێک فاکتەری ناحەزکرد و خۆکرددا، لاوازی نواندووە.

ئاشتی سیاسی بریتییە لە ئاسایشی سیاسی، بە هەمان شێوە ئاشتی کۆمەلایەتی و ئاسایشی کۆمەلایەتی پەیوەندییەکی ئەرێنی و ڕاستەوانە لە نێوانیاندا هەیە. ئەم دووانەش پەیوەست بەیەکترن و کاریگەری دروست و ڕاستەوانەیان لەگەڵ یەکتر و لەسەر یەکتر هاوکێشەیەکی هاوسەنگ پێک دەهێنێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

بنەڕەتی باسەکە لەمەڕ پێویستی چاندن و گەشەپێدانی کلتووری ئاشتییە. ئاشتی ناوخۆییش تەوەری ئەکتوێلە کە نەک تەنها بۆ قسەلەسەرکردن، بەڵکە بۆ بەکردارکردنی لە نێوان لایەن و گروپە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان، کە ئەمڕۆ وەک ئەکتوێری سەرەکی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی نەک بە تەنها کوردستان، بەڵکە گۆڕەپانی سیاسی عێراق، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و سیاسەتی گلۆباڵیشدا دەردەکەون.

بۆ ئەوەی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان کە بۆ هەموومان ڕوونە لە پارتی و یەکێتی دا خۆیان دەنوێنن، هەستێکی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست ببێت و پێکەوە گرووپی "ئێمەی کورد" پێک بهێنن بەرامبەر بە "ئەوانی نەیار"، ئاشتییەکی ڕاستەقینە، خۆکرد، پێگەیوو و ڕوون پێویستە لە نێوانیاندا نەک هەر مۆر بکرێت، بەڵکە بە ژیان بکرێ.

کاتێ ئاشتی ببێت بە کردار، ڕەفتاری ئاشتیخوازانەی ئەندام، لایەنگر و هاوسۆزەکانی هەردوولایان دەبێت بە پەرچەکردار و کلتووری ئاشتی سیاسی کاریگەری خۆی لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی دادەنێت و ئاشتییەکی کۆمەلایەتیش دێتە ئاراوە. تەنها بەو شێوەیە دەکرێ ئاشتی دەروونی، یان ڕوونتر بڵێین ئاسایشی دەروونی دروست ببێت، کە پێویستمان پێیەتی لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. کێ خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ لە بەپرۆژەکردنی ئاشتییەکی وادا؟ پێش هەموو کەسێک و ب ەپلەی یەکەم ڕیفۆرمیستەکانی هەردوولا ئەم ئەرکەیان وەئەستۆ دەکەوێت، بە مەرجێ بە ڕاستی ڕیفۆرمخواز بن و ڕیفۆرم بانگ بێت نەک تەنها بانگەشەیەکی سیاسی ڕووت و قووت. چاکسازی پێویستە لە کرداردا بژی، نەک تەنها لە وتاردا بمێنێتەوە. کلتوورێکی سیاسی نوێ پێویستی بە ڕاهێنانی ئەندام و کادیرەکانی حیزبەکانە لەسەر پرنسیپەکانی دیموکراسی و ئاشتی.

**2005/05/28**

[1] Uriel Hedengren (2003): Brombergs stora citatbok.

[2] **بڕوانه** :

http://www.kurdistannet.us/mehabad/babet/sherkirdn.pdf

[3] ئەنترۆپۆلۆژیا برتییە لە زانستی مرۆڤناسی وەک بوونەوەرێکی کلتووری. لەم زانستەدا بایەخ بە ڕەفتار و پەیوەندیەکانی مرۆڤ، داب و نەریتەکانی، ئایدیل و باوەڕ و شێوازی ژیانی دەدرێت. ئەنترۆپۆلۆژی لە بنەڕەتدا دەستەواژەیەکی گریکییە و لە دوو واژەی: ئەنتۆپۆس:مرۆڤ.، لۆگۆس: زانست.. پێک هاتووە. کە دەکرێ بە زانستی مرۆڤ، یان مرۆڤناسی وەربگێڕدرێت.

[4] Ahlberg Alf (red)(1954): Människokunskap och människobehandling. Stockholm: Natur och Kultur. P.39.

[5] Ibid.p.39.

[6] Ibid.p.380.

[7] " The best way to find yourself is to lose yourself in the service of others."(Gandhi)
Svedberg (2003): Grupppsykologi. Lund: Studentlitteratur. P 195.

[8] Hagel A, Olander G, Granfelt H ( 1980): Berättelser och bilder ur världshistoria. Gävla: Skolförlaget. P.37.

[9] Wikander B (1989): Utväcklingspsykologi i ett psykodynamiskt perspektiv. Stockholm: Hagmans. P. 37.